www.kurdistannet.org
16-7-2006 15:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ململانێی نیزامی سیاسی ئەمریکاو جیهانی ڕۆژهەلات بەرەو چ ئاقارێک هەنگاو دەنێت؟ ... تایەر حاجی حەسەن

لەگەڵ بەرەوپێشچونی بار گرژیو ئاڵۆزیەکانی نێو پەیوەندیە دۆستانەی و سیاسیەکانی ئێران و سوریا لەلایەکو ئەمریکا وەک سیستمی سیاسی لە لایەکی کە، ئاڵۆزیو لێڵیەکانی پەیوەندیە دەرەکیەکانی نێو ئەم بازنەیەش ڕوولە نشێو تێکچونی زیاتر دەبێت.
ئەگەر پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە، بە یەکێک لە ستراتیژو کارەپێویستیەکانی ئەم سەردەمەی نیزامی سیاسی ئەمریکا چاولێبکەین، لە گەڕانی بەشوێن ژێرەو ژوور کردنی جۆرە نیزام و دەسەڵاتێک کە ئیتر ناتوانێت قازانج و دەسەڵاتە ڕەهاییەکانی ئەم نەزمە نوێیەی نیزامی سیاسی ئەمریکایی جێبەجێ بکات. بەهۆکاری ئەوەی ئەم نیزامە سیاسیانەی جۆری نیزامی سیاسی ئسلامی ئێران و نیزامی سیاسی سوری و سودانی وچەند گروپ و ڕێکخراوێکی باڵی ئیسلامی سیاسی، بەئەندازەیەک بوون بەرێگر لە بەردەم ئەم پرۆژەیەداو، هاوکات لەگەڵ ناتەریب بوونی ئەم پرۆژەیە لە ڕووی جێبەجێکردنەوە، کوشتارگایەک وەک پێویستیەکی بەردەم جێخستنی ئەم پرۆژەیە چاو لێدەکرێت.
دیارە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، وەک جێگای بنەڕەتی و وەدەستخستنی سەرچاوە سروشتیەکان دادەنرێت و مۆڵگەیەکی پڕ لە بەهایە بۆ وەدەست خستنی سەرمایەو وەگەڕخستنی دەیەها کۆمپانیا بۆ وەبەرهەم هێنانی پێویستیە قازانج بەخشەکانی ئەم پرۆژەیە، (نەوت) وەک بەشی سەرەکی ئەم کێشمەکێشە دەکەوێتە نیو ئەم سروشتەی جیهانی ڕۆژهەلاتەوە.
ئەگەر بڵێین زۆرترین و کاریگەرترین هۆکار بۆ ڕودانی جەنگە زەبەلاح و ماڵوێرانکەرەکان، هۆکارە ئابوریەکان پاڵنەرو دەرئەنجامەکەی بووە، ڕەنگە بەهەڵەدا نەچووبین، چونکە سروشتی جەنگەکان هەمیشە دەرئەنجامی ناکۆکیە ناوخۆیی و قەیرانە بێچارەسەرەکانی نێو جیهانی چینایەتی نێو خودی دەسەلاتی حاکم هۆکارەکەی بووەو، لە هەمان کاتدا، چ هێزودەسەلاتێک توانیبێتی لە ڕووی کەرەسە جەنگیەکانەوە دەوڵەمەندو بەتوانا دەرکەوتبێت، بەو ئەندازەیەش لەهەوڵی داگیرکاری و گەڕاندا بووە بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە ڕوی سەرچاوە سروشتیەکانەوە دەوڵەمەند بوون، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم ڕێگەیەوە پایەوقودرەت و هێزی لەبن نەهاتوی خۆی نیشان بدات لە بەرانبەر کێشەو جیاوازیە نێو خۆییەکان و دەرەکیەکانیشەوەو، وەک هێزێکی ئەزەلی و نەگۆڕ پێناسەیەک بەخۆی بدات.
هەرلەدوای ڕودانی 11 /سێپتێمبەری/2001 وە جیهان لەژێر سایەی نەزمی سیاسی ئەمریکادا، پێویستی بە ئاڵوگۆڕو دیاریکردنی ستراتیژێکی نوێ هەبوو، بۆ دەرکەوتنی قودرەتمەندی ئەم نیزامە لە ڕووی تواناییە سەربازی و ئابوریەکانی لەلایەک و لە هەمان کاتدا خۆسەپاندنی وەک پاسەوانی یەکەمی ئاسایشی نێونەتەوەیی و دەرخستنی خۆی وەک پەیامبەر و ئازادی هێنەر بۆ وڵاتانێک کە سونەتە دیکتاتۆریەکان جێی خۆی تێدا خستووەو، ئەمە لەنەزەری جیهانی سەرمایەداری و خۆڵکردن بە چاوی تەواوی ئەورێکخراو لایەنانەی کە نارۆشنیەکیان لەخۆ نیشان دەدا لە بەرانبەر ئەم ئاڵۆزی و کێشمەکێسەی نێو هەناوی خودی ئەم نیزامەو ئایدۆلۆژیاکەیدا، کە خاوەندارێتی تایبەت هەیبەتی بنەڕەتیەتی، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە نەزەری ئازادی خوازانەوە ئامانجی ئەم نەزمە نوێیە چ مەرگەساتیکی پێیەو بەدیاری پێشکەشی جیهانی ڕۆژهەلاتی دەکات.
بۆ ئەوەی بەوردی چاوێک لە کێشمەکێش و ململانێی نێو ئەو پەرچەکردارانەی بزوتنەوەی حەماس و حیزبوڵلا بکەین لە گرتنی 3 سەربازی ئیسرائیلیداو نیشاندانی وەک سەرکەوتنێکی مێژووی کە خودی ئەم دوو بزوتنەوەیە باسی لێوە دەکەن و ئیسرائیلیش بۆ وەچنگخستنەوەی ئەم سەربازانەی، کەلە واقعدا ئەم سەربازانە تەنها وەک وەسیلەیەک بەکاردەهێنرێت لە بەرانبەر سیاسەتە نهێنیەکانی ئیسرائیلدا، کە لە هەناوی خۆیدا زۆر لەوە قوڵترو بەرنامە داڕێژراوترە کێشمەکێشەکە، دیارە ئەم دوو بزوتنەوە ئیسلامیە زۆرترین ئیلهام و تواناییەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئێران و سوریاو هەندێکی دیکە لە وڵاتانی عەرەبییەوە

وەردەگرن و وەک کلک و ئامرازێک بەدەستی ئەم وڵاتانەوە هەڵدەسوڕێنرێن، بەتایبەتی ئێران و سوریا کە ئەمڕۆ لەنەزەر تێگەیشتنی سیاسی نیزامی ئەمریکیەوە، مخالفن بەیاساو ڕێوڕەسمەکانی ئەم نیزامە، لە لایەکی کەوە سیستمی سیاسی ئیسرائیل وەک دەرکەوتن و خۆسەپاندن بەسەر تەسویرە گشتیەکانی ناوچەکەو ململانێی لەگەڵ ئەو دوو هێزە دەوڵەتیە بە شێوەیەکی ڕوون لەم ناجێگیر بوون و دژواریەدا، ئەمیش سەرچاوەی ئیلهام و وەدەست خستنی توانایەکانی لەلایەن (لۆبی) ئەمریکی و هێزو دەسەڵاتی ئەو نیزامەوە لە سەرپێڕاوەستاویەکانی خۆی ڕاوەستاوە.

دیارە ئەم دەورەیە، دەورەی خۆنیشان دانی هێزو دەسەڵاتە و بەهێزترین دەبێت چۆک بە لاوازدا دابنێت و تەسلیم بە خواستەکانی خۆی بکات و ئەم جەنگەش سەرەتایەکە بۆ نێو چوونە نێو جەنگێکی نادیارو درێژ خایەنەوە.

کەواتە هەر لەدوای ڕودانی 11 /سێپتێمبەرەوە، وەک ئاماژەم پێکرد جیهان جارێکی تر پێویستی بە داڕشتنەوەو سەرلەنوێ دابەش کردن دەبێت، وەئەم کاریگەریەش زیاتر خۆی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دەبینێتەوە، چونکە لانی کەم وڵاتانی زلهێزو ئەوروپای ڕۆژئاوا، خۆیان لە سەقامگیری هێزودەسەڵات جێخستووە و ئەمانیش لەم هاوکێشەیەدا بەشوێن بە دەستخستنی قازانجی خۆیانەوەن لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتدا، کە بنەڕەتی دەوڵەمەندین لە سەرچاوە سروشتیەکاندا. هەر لەپاش ئەم ڕووداوە شێوە یۆتۆپیایەوە، (مەبەست 11 /سێپتێمبەرە) لەگەڵ خۆیداکارخانەکانی جەنگی وەگەڕ خستەوەو هەرزانترین و لاوازترین جێگا لەو ساتەوەختەدا (ئەفگانستان) بوو، کە تاڵیبان و قاعیدەی هاودۆست و هەڵسوڕێنەری ئامانجەکانی ئەمریکا بوو لەم وڵاتەداو، لە ماوەیەکی کەمدا توانرا لەنێو چەکە مۆدێرن و تاقینەکراوەکاندا ژێرەوژوور بکرێن و بە هەزاران خڵکی بێدیفاعیش بوون بە سوتەمەنی ئەم جەنگەو، ئەفگانستانیش وەک جێگایەکی ستراتیژ لە نەزەری ئەمریکادا گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو. پاش ئەو گواستنەوەیەی جەنگ، لە ئەنجامی شکستە بەرخواردوەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیزمدا لە بەرانبەر جەنگە ناڕەواکانیدا، وڵاتی عێراق بوو بە بەشی دووەمی نێو ئەم پرۆژەیەو بە نەزەری سیاسی ئەمریکا، عێراق یەکێکە لە پاروە چەورەکانی کە توانای ئەوەی هەیە بۆ چەند دەیەیەکی دیکە بەرهەمی نەوتی لێوەدەست بهێنێت، دیارە ستراتیژی ئەم وڵاتە جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ جێگەوڕێگەی ئەفگانستاندا، بۆیە ئەمڕۆ بووە بەخاڵی وەرچەرخان لە نێو سیاسەتی ئەمریکی و گروپە مەزهەبیەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، کە وڵاتانی چواردەور ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەم کێشمەکێش و ململانێیەدا، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوخاڵە گرنگەیە کە تەواوی ئەحزاب و حکومەتێک کە بوونی هەیە لە شێوازی کارتۆنیەکەیدا، لە بنەڕەتدا نوێنەری ئەم وڵاتەنین، بەڵکو هەر گروپ و حیزبێک یان سەربەتێگەیشتنە ئەمریکیەکانن، یان سەر بە تەسویرە ئێرانی و ئەقلیمیەکانن. بۆیە عێراق بەم دەرئەنجامە گەیشتووە و ناتوانێت سەقامگیری بە خۆوە ببینێت.

ئەگەر ئێران و سوریا پاڵنەرو یارمەتیدەری سەرەکی حەماس و حیزبوڵڵا بن لە فەلەستین و باشووری لوبناندا، بۆ خاڵیکردنەوەو بەرەو پێشبردنی دژواریەکان لە بەرانبەر ئیسرائیل و پرۆژەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا ئەوباجە گەورەومەرگەسات ئامێزە، دەبێت کۆمەڵگە بیدات. کە ئەمڕۆ بە جۆرێک لەدەستەمۆبوون بە تەسویری شۆفێنستی ئیسلامی و قەومیەوە تێوە گلاون و سەردارانیان قازانج کاروبخۆری بەری ئەم ڕەنجەیانن. ئەمەش بۆخۆی کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ لە پشتیەوەیەتی، کە پشت ئەستورە بە دیفاع کردن لە نیشتمان و پەروەردەکردنی ئایدۆلۆژیای مەزهەبی و قەومپەرستی و دواکەوتویی.

بەنەزەری من بەرهەمی ئەم پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ئەگەر چەند لایەنێک و ڕێکخراوێکی بەرهەڵستکاری ئەم ڕژێمە ڕۆژهەڵاتیانە دڵخۆشن بە ئانجامدانی ئەم پرۆژەیە، بۆ وەدەستخستنی قازانجێکی کاتی و ڕەنگە لەڕوی دەسەڵاتی سیاسیشەوە جێگەوڕێگەیەکیان پێبسپێردرێت، لە ئەنجامی لە

گۆڕنانی ئەو ڕژێمانەی کە تیاچونیان زیاترە وەک لە مانەوەیان، بەڵام ئەگەر لە ڕووی ویژدانی و ناوەڕۆکەوە بمانەوێت تێبگەین، بەدەر لە هێنانی وێرانکاری و لە گۆڕنانی ملێۆنان ئینسان، ناتوانرێت با چاوێکی ئازادیبەخش و بەختەوەرییەوە، تێیبڕوانین و وەک فریادڕەسیک چاومان و هزرمان ببڕینە ئەم پرۆژە ئەمریکییە.

ئەمریکا بۆخۆی ناتوانێت ئەو جیهانە ئازادیبەخش و دلۆڤانەبێت، لەکاتێکدا لە ناوهەناوی خۆیداهەڵگری جیهانێک لەچەوساندنەوەوبێمافیە بە سروشتی ژیانی چینایەتی خۆیەوە.

تەنها چارەسەر لە نێوخودی هەرکۆمەڵگایەک خۆیدایە، پێش ئەوەیبتوانرێت دەست ببەیت بۆ چارەسەری وڵاتێکی دیکە. مادامەکی ژیانی وڵاتان و کۆماڵگاکان لە سەر بنەڕەتی چینایەتییە، ئیتر ئەوە خەیاڵ و یۆتۆپیایە کە تۆ ئاوات و ئارەزوەکانی خۆت ببەستی بە ئامانجێکەوە، کە لەدەرەوە بۆت بێت و یاریدەدەریشت داگیرکارێک بێت؟

ئەمەیە مەینەتی لە کاتێکدا ئەم سیستمە ناعەدالەتیە خۆی لە ژێر باڵی دادپەروەری و ئازادیبەخشدا حەشارداوەو لە پێناوقازانجەکانی خۆیدا زۆرێک لە ئینسانەکانی کەڕولاڵ و نابیناکردووە لە بەرانبەر ڕاستیەکانی ژیاندا؟

تایەر حاجی حەسەن

06/07/14

هۆڵاند